# زمان و تیوری شەپۆلی

زانیار مەحموود علی
(کەلار)

بە درێژایی مێژوو لە گەشەی زار و زمانەکاندا کۆمەڵێک فیکر و بۆچوون و تیور هاتوونەتەکایەوە، هەمبەر لە دایکبوون و مردنی زمانێک، یان زارێک، هەر تیور و بۆچوونێک بەپێی قۆناغ و سەردەمەکەی خۆی لێکدانەوەی بۆ کراوە، درەختی زمانی و پۆلێنکردنی زمانەکان، زیاتر لە ژێر دەستی قوتابخانە بەراوردکارییەکاندا گەشەی سەندووە، بەتایبەتی میلۆلۆژیای بەراوردکاری. تیوری شەپۆلی، هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم تیورە بۆ بوونی کەموکووڕی لە کۆمەڵەی خێزانە زمانییەکاندا سەری هەڵداوە، ئەم کۆمەڵەیە بەبێ هۆ نەهاتووەتە کایەوە، بێگومان لەژێر کاریگەری تیورەکانی پێش خۆیدا بووە، مەبەست لە زاراوەی شەپۆلەکان لە هەمبەر زمانەوانی مێژوویی و کۆ-زمانەوانی، بەو لایەنانە دەوترا کە زیاتر پێوەندی بە گۆڕانی زمانەکانەوە هەبوو، ئەم تیورە ئەوانە دەخاتە ڕوو کە زیاتر گرنگی بە پێودانگی گۆڕانکاری زمان و زارەکان دەدەن بە پێی کات و شوێنەکان و کاریگەرییەکانی لە دەوروبەری خۆیدا جێ دەهێڵێت. هەموو زمانێک گرنگی و قورسایی و پاراستنی زمانەکەی لە ناوچەیەکی دیاریکراودا جێ دەهێڵێت.

ئەم گۆڕانە زمانییانە زیاتر لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بەدیاردەکەون و کاریگەرییە ناوچەییەکانی خۆیان دەنوێنن، واتە لە بنەچەی وشەکەوە کاری لەسەر

دەکرێت، بۆ نموونە ئەگەر ئێمە زیاتر لە وشەی «باوک» بکۆڵینەوە، لە ئاستی وشە و ئاستی گۆڕانی دەنگی، واتە دەنگسازییەوە لێی وردبینەوە، دەبینین :

لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، وشەی باوک لە (باو) + (ک) دروست بووە، بەهەمان شێوەی وشەی دایک کە هەمان سۆفێکسی دراوەتە پاڵ، لە ڕووی ڕێزمانییەوە وەک وشەیەکی سەربەخۆ ئەرک دەبینێت، ئەگەر لە ڕووی گۆڕانی دەنگییەوە لێی بکۆڵینەوە، ئەوکات، دەکەوێتە چوارچێوەی ونکردنی دەنگ، بۆ نموونە، ناوچەکانی سۆران و ڕەواندز پێی دەڵێن، (باو)، واتە چوونەتەوە سەر بنچینەی وشەکە کە لەناوچەی هەولێر پێی دەڵێن (باب)،

لە ناوچەی کەرکووک ـ گەرمیاندا کە زیاتر مەبەستمان لە ناو نووسینەکەی ئەم دەڤەرەیە، پێی دەوترێت (باوک)، یان سلێمانی لە کاتی بانگ کردندا پێی دەڵێن (باوکە)، بەم پێیە بێت وشەکان لە هەموو دەڤەرەکان لە چوارچێوەی مۆرفۆلۆژی (باو) دا، سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام گۆڕانکارییە دەنگییەکەی بەسەردا هاتووە.

*** هەندێ بنەما هەیە دەبنە هۆی تێکەڵبوون و چالاککردنی گۆڕانکارییەکان، لەوانە:**

ـ تێکەڵبوونەکە پێویستی بە ماوەیەکی زۆر هەیە بۆ دەرکەوتنی کاریگەرییەکانی.

ـ سنوور بەزاندنی نێوان زار و زمانەکان یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی ئەم گۆڕانکارییانە دادەنرێت تا بەتەواوەتی تێکەڵ ببن.

ـ هەمبەر تێکەڵبوونەکان دەبێ کایە کولتووری و ڕۆشنبیری و جەمسەرە ماددییەکانیش بگرێتەوە.

ـ زار و زمانەکان، بەتایبەتی زمانەکان پێویستە سەر بە یەک کۆمەڵەی خێزانە زمان بن.

سەرکەوتنی شەپۆلی زارێک، یان زمانێک بەسەر ئەوی تردا، زمانی براوە دەبێتە سەرمەشق بەسەر ئەوی تریاندا و زمانی خاوەن مێژوو و شارستانییەت لێرەدا کاریگەری خۆی پیشان دەدات و لە مەیدانەکەدا ڕۆڵێکی چالاکتری دەبێت، کاتێک نەتەوەیەک خاوەن بەرزترین شارستانییەتن، بە چاوپۆشی لەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەرچەند کەمیش بێت بەراورد بە ڕکابەرەکەی، بەڵام دواجار خۆی دەسەپێنێت، بۆنموونە :

سەرکەوتنی ڕۆمانییەکانمان لایە کە (لاتینی)، بەسەر زمانەکانی ئیسپانی و ئیتاڵی و ...تاد، زاڵ بوو، ڕۆمانەکان بە بەراورد بە ئەو زمانانە، کەمینەش بوون، بەڵام خاوەن پێگەی شارستانی بەهێزبوون کە دواتر بوونی خۆیان سەپاند.

دەکرێت دوو زمان، یان دوو زار، یان شێوەزار، تێکەڵی یەکتر ببن و هیچیان خواستی ڕکابەری بەسەر ئەوی تریاندا نەبێت، بۆ زاڵبوونی هەیمەنەی خۆی. زمانەکانیش لە هەموو ئاستەکانی زمانیشدا بەبێ درک کردن دەکەونە ژێر کاریگەری یەکترەوە، ، ئەمەش زیاتر لەلایەنی گەشە و گۆڕانی زماندا خۆی وێنا دەکات، باشترین ڕێگە بۆ ئاشنابوون بە گۆڕانکارییەکان لە هەموو زمانێکدا، پێویستە لە لایەنی مێژوویی ئەو زمانە، یان ئەو شێوەزارە بۆ شیکاری بنەمای گۆڕانکارییەکان بکۆڵرێتەوە.

هێندێ لە گۆڕانەکانی زمان دەرەکین، لەژێر کاریگەریی زمانێکی تر، یان شێوەزارێکی تردا زیاتر هەست پێکراوترە لەچاو ئەو گۆڕانکارییانەی تردا کە لە ڕۆنانی ناوەوەدا بەرجەستە دەبن. ئەم جۆرە وشانەش زیاتر بە وشەی وەرگیراو هەژمار دەکرێن.